سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی ئەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

01 Augustus 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
ژمارە 6
ساڵی یەکەم 01 ئابی 2018

# هونەرمەندی شانۆکاری کورد باکۆ سۆرانی سەرۆکی گرووپی شانۆی بێسنور 25 ساڵە لە هۆڵەندا خزمەتی شانۆ دەکات

## باکۆ سۆرانی بە دڵ و بە گیان پیاوی شانۆیە..!

لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی شاری ئەپڵدۆرن بە ناوی (Apeldoorn Direct) ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی لە لە لایەن ڕۆژنامەنوسی هۆڵەندی بین ئیغرمۆنت، لە بارەی هونەرمەند باکۆ سۆرانی و گرووپی شانۆی بێسنور بڵاوکراوەتەوە.



باکۆ سۆرانی لە کوردستانیش دەرهێنەری شانۆگەری بووە، ئێستە 25 ساڵە سەرۆکی (ناوەندێکی شانۆگەرییە لە شاری ئەپڵدۆرن)، بە ناوی گرووپی شانۆگەری بێسنورەوە، ساڵی ئایندە یادی ساڵانەی دامەزراندنی دەکاتەوە، تیپی شانۆی بێسنور گرووپێکی فرەکەلتوری هەمەڕەنگە لە نێوان نەتەوە جیاوزەکانی هۆڵەندا، لە ساڵی 1994 ەوە دامەزراوە واتە 25 ساڵە خزمەت دەکات، بۆ ناساندنی کلتوری کوردی بە هۆڵەندی و بێگانەکانی ناو هۆڵەندا. گرووپی شانۆی بێسنور تێکەڵاو بە هونەرمەندانی کورد و هۆڵەندی و چەند نەتەوەیەکی دیکە دەیانەوێت، لە ڕێگەی هونەری شانۆوە ڕووی جوانی کەلەپور و فەرهەنگی کوردی بناسێنین بە گەلانی ڕۆژئاوا، هەروەها بەرهەمی شانۆیی پێشکەش کۆچبەرانی کورد و خەڵکانی هۆڵەندی و بێگانەکانی دیکەش دەکەن.

گرووپی شانۆی بێسنور ساڵانە، چەندین نمایش پێشکەش بە جەماوەری خۆی دەکات ئەگەر نمونە بهێنینەوە، لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالدا هەمیشە دەست پێشکەربوون و هەمیشە بە بەرهەمی ناوازە، یادی قوربانیانی ئەم مەرگەساتەیان بەرزڕاگرتووە، هەروەها شانۆی بێسنور ساڵی 2015بۆ جاری دەیەم بەشداری لە ڤیستڤاڵی (بۆن و ڕەنگ) کرد لە هۆڵەندا، کە وەک ریتۆیڵێکی کەلتوری هەموو ساڵێک لە کڵێسایەکی دێرینی شاری ئاپڵدۆرن نمایشت دەکرێت.

شانۆی بێسنور هەمیشە دەنگ و ڕەنگی کوردی بەهۆی گروپەکەیانەوە گەیاندۆتە کەلتورە جیاجیاکانی جیهان، وەک کەلتوری ڕووسی، ئەڵمانی، ئەرمەنی و گریکی. فیستڤاڵی بۆن و ڕەنگ کەلتورەکانی گەردوونی تێکەڵکێشی یەکتری کردووە، بۆ سازدانی کەلتورێکی کۆ بەبێ جیاوازی سنور، ئاین و نەتەوەکان، هە روەها ئاوێتەکردنی کەلتور و ناساندنی ئەفراندی کەلتورە جیاوازەکان، ئەمەش زەمینەیەکی گەلێک ڕەهایە بۆ شانۆی بێسنور چونکە ویستی سەرەتایی ئەم گروپە شانۆییە بۆ بەرجەستەکردنی کۆکەلتور بەمانایەکی تر، کە کەلتورێک بێت هەموو هەستە مرۆییەکان لەخۆ بگرێت. شانۆی بێسنور هەمیشە بە نێوی کوردستانەوە بەرهەمەکانی خۆی ناساندووە. باکۆ سۆرانی خوازیاری ئەوەیە کەلتوری کوردی بگەێنینە ئاست کەلتورەکانی دیکەی جیهان، بۆیە هەوڵ دەدا سیمای کەلتوری کورد بە هۆی شانۆی بێسنورەوە بناسێنێ، لە چالاکیەکانیدا ڕەشماڵی کوردەواری بۆمیوانان دروست دەکات، بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی چالاکیەکانیان دەتوانن سەیری ئەم لینکەی خوارەوە بکەن:

http://theaterzondergrens.nl/

## هەر جارەی جوامێرێک



بەڕێز کاک ڕێبوار سیوەیلی، یەکێکە لەو هاوڕێ دێرین ئازیزانەمان، کە لە کۆتایی ساڵانی هەفتاکانەوە پێی ئاشنابووین. ئەو ئەوساش زیرەک و وریا و ئازا بوو، توانی بەبەرهەمە ناوازەکانی جێگەی شیاو و دیاری خۆی، لە پانتایی کەلتور و ڕۆشنبیری کوردیدا بکاتەوە.

دەربارەی وشەی تاراوگە، پرسیارێکمان ئاڕاستەی بەڕێزیان کرد، زۆر بە کورتی و پوختی ئەم وەڵامەی داینەوە:

ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ: من وشەی تاراوگەم، لە کتێبی (دیاردەگەرایی تاراوگەدا) بەکارهێنا، وشەی تاراوگە بۆ من مانای جیاوازیی هەیە...! تاراوگە لە تاراندن و دوورخستنەوە و پەرتبوونەوە.

تاراوگە لە سەرابەوە شوێنێک کە تیایدا ناگەیتە ئەنجام.

تەراندن دوورخستنەوە، تاراوگە وەک شوێنێکی تار یان تاریک.

لە ژمارەی ئایندەی تاراوگەدا، ڕای جیاوازی نوسەرانی دیکەش دەخەینەڕوو.

## شانبەشانی نمایشی شانۆیەکانی گروپی بێسنور میوزکی کوردی، ئاشنای کەلتوری گەلان دەکەین

باکۆ سۆرانی هەمیشە، دەقی بەهێزی نوسەرە ناودارە جیهانیەکان هەڵدەبژێرێت و دەریاندەهێنێت بۆ نمایش کردن، بۆنمونە (ڕێسای جیهانی نوێ) لە نووسینی (Harold Pinter) و شانۆیی (گیۆرنیکا) و دەقەکانی هارلۆدپنەر و فرناردۆ ئاراپاڵ، هەروەها لە نوسەرانی ڕۆژهەڵات وە شانۆگەری (کلیک– ئاوێتە بوون) لە نوسینی نوسەری ناسراوی سوری (سەعدوڵلا ونووس)، یەکێکی دیکە لە خەسڵەتە جوانەکانی ئەم گروپە، وەک باسمان کرد، گروپێکی هەمەڕەنگی کەلتوری جوانە، وەنەبێ هونەرمەندە کوردەکانی هاوڕێی فەرامۆش کردبێت، هەمیشە ڕۆڵی گرنگ دەدات بە هاوکارەکانی وەک هونەرمەند حەمە بەکری کلارنێت و سامانی ئەحمەد ژین.



باکۆ سۆرانی هەمیشە وا ئاماژە بە هەمە بەکری هاوڕێی دەدات، کە میوزیکی ئەو نیوزیکی گەشتێکی ڕەنگاوڕەنگە، میوزیکی ئەو هاوچەرخانە تێکهەڵکێشی نمایشەکان دەکات بە ڕیتمی فۆلکلۆری کوردەوارییەوە.... کە هەمە کلارنێتەکەی دەژەنێت، یان گۆرانی دەچڕێت بینەران و ئامادەبووان بێدەنگ دەبن لە کاتی ژەنینیدا، ئەم ئاکارە مەبەست و هێمایەکی گەلێک جوان و بێسنور دەخشێتە نمایشەکە و من و تێکڕای ئامادەبووان.

خۆشحاڵم کە شانبەشانی نمایشی شانۆیەکانی گروپی بێسنور میوزکی کوردی، بەقامک و دەنگی هەمە بەکر ئاشنای ئەو هەموو کەلتورە بکەین...

شانۆی بێسنور هەمیشە لەگەڵ چەند جالیەکی فرەکەلتوری کارەکانی جێبەجێ کردووە، لەوانە کە تابلۆی شانۆیی(دەمامکێکی تر)مان نمایش کرد، کە کورتە تابلۆیەکی شانۆیی بوو لە ئامادە کردن و دەرهێنانی (سامان ژین)ی هاوڕێم، ئەم کارە باس لە کارەکتەرێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی دەکات لە کۆمەڵگایەکدا دەژی کە ترس وای لێ کردووە، دوو دەماک بپۆشێ دەمامکێکیان بۆ ئەو کاتانەیە کە هەست بە ترس و بێ ئارامی دەکات و ئەوی تریشیان بۆ حاڵەتە ئاساییەکانیتی، ئەم ڕووپۆشینە گرفتی گەورە دروست دەکات بۆ ئەوکەسە، بۆیە لە ساتەوەختێکدا بڕیاری ئەوە دەدات رووی ڕاستەقینەی خۆی واڵا بکات.

باکۆ سۆرانی لەڕێگەی کارە شانۆییەکانیەوە، دەیەوێ بڵێ ئێمە هیچ دەمامکێک ناتوانێت بیگەڕدیمان وەک مرۆڤ بشارێتەوە. ئێمە باوەڕمان وایە کاتێک خودێک سەربەستی کەسێک زەوت بکات، ئەوا ئەو خودە لەزیندانی ڕقدا جێگیرە و هەمیشە لەپشت دەمامکەوەیە.

# یاداشتە پەڕاگەندەکان



سەردار مەحمو

ئێمە وەک خوێنەرێکی بەردەوامی نوسینەکانی کاک سەردار مەحمو، کە بە نوسەرێکی کوردی تەنزنوسی لە قەڵەم دەدەین، لە دوو ژمارەی پێشووی بڵاوکراوەی تاراوگەدا، دوو نوسینی بەڕێزیانمان بە ناونیشانی (یاداشتە پەڕاگەندەکان) بڵاوکردەوە، لەم ژمارەشدا نوسینێکی دیکەی ئەم نوسەرە ئازیزە، لێرەوە ڕۆخسەتی لێدەخوازین لە ژێر هەمان مانشێتدا بڵاوبکەینەوە.

## شەهیدی عیشق.....!

ساڵی دوو هەزار بوو، هێشتا خێزانی کەسمان لە کوردستانەوە نەگەشتبووە هۆڵەندا، چەند هاوڕێ لە شارۆچکەیەک، هەریەک بەجیا خانووی خۆمانمان هەبوو، چاوەڕێی معامەلات و هاتنی خێزانەکانمان بووین...

زۆربەی ڕۆژەکان، هەر جارەو لای یەکێکمان کۆدەبوینەوە و بەدەم نۆشینی بیرەی ساردەوە، لەم هۆڵەندای ساردەدا، کۆڕی یارانمان گەرم دەکرد و هەمیشەش لە سەری هەفتەدا میوانی دوورمان دەهات...
ئەی چی... ماڵی بێ میوان، ئەوەسە قەورسان...
چەند ڕۆژ بوو بەهۆی ئێشێکەوە کەتازە دەستم کەوتبوو ، نەچوبومە خزمەت دۆستان ئەوانیش دەیانزانی ماندوم نەدەهاتن...
پێموابێ ڕۆژێکی پشووی هەفتە بوو، عەدنان تەلەفۆنی کرد... کاکە دەزانم زۆر ماندووشی، بەڵام ئیتر دەبێ بێیتە ئێرە و مەسەلەیەکی حەساس و گرنگ هەیە...
تۆ زوو وەرە، لێرە پێتدەڵێین! تا گەشتمە ئەوێ سەد ختورەی خراپم بە دڵدا هات... هەر لە زەنگم دا، عەدنان و بردەران نەیانهێشت یەکسەر بچمە ژوری دانیشتن و کێشامیانە ژورێک..دەتگوت ڕێکخستنەکانی جاران و ڕۆژانی پڕ ترس و تۆیە، چپەچپ دەستی پێکرد:
کاکە، حاڵ لەمە و حیساب لەمە:

+ هاوڕێ خالدی خۆمان حەزی لە کچێکی هۆڵەندی کردووە، ئێستاش کچە وازی لێ هێناوە، مەسەلەکە زۆرجدی و حەساسە، وا دوو ڕۆژە دەگری و بڕیاری خۆکوشتنی داوە، ئێمە هەموو ڕێگاکانمان گرتۆتەپێش ئەو هەر لەسەر بڕیاری خۆی سوورە...




جا بەشکو تۆ پەشیمانی بکەیتەوە... چوومە ژورەوە هەموو هەستان و خالدیش بە نابەدڵیەکەوە، خۆی ڕاستکردەوە دەمی دوو پەنجەی مابوو، عاجزومەلول. هەرچۆن بوو خالدمان کێشایە ناو باسەکە، هەستم دەکرد، زۆر بە پەرۆشەوە باسی کچەکە و خۆشەویستی و عشقێکی ڕۆژهەڵاتیانەی لەگەڵ کچە هۆڵەندیەکە دەگێڕایەوە، کە چۆن هاتۆتە ناو ڕۆحی و بەجێی هێشتووە. جا بۆیە ئێستا بڕیاری خۆکوشتنی دابوو، بۆ خوداحافیزی یەکجاری هاتبوو.

خالد بە هەزاران ئاهوناڵە و چاوی پڕ ئەشکەوە کۆتایی بەقسەکانی هێنا. جەماعەت چاوەڕێی پاڕانەوەی من بوون لە هاوڕێ خالد، کە خۆی نەکوژێت...

سەرەتا باسی تەئسیرات و پیرۆزی عیشقم بۆ هاوڕێ خالد کرد... دواتر وتم: من بە پێچەوانەی برادەرانەوە بیر دەکەمەوە. هاوڕێ گیان، من گەلێکم پێخۆشە هێندە بەوەفایت بەرامبەر بێوەفایەکیش، کورد و ناوچەکە دەیان شەهید و داستانی خەمناکانەی عشقی وەک (لەیلا و مەجنون، شیرین و فەرهاد، خەجێ و سیامەند، بێژەن و مەنیژە، عەزراو وامیق) ی هەیە. چەند خۆشە سبەینێش ئێمە هاوڕێکانت شانازیت پێوە بکەین، لەڕۆژی عاشقانا بە چەپکە گوڵی سوورەوە بێینە سەر گۆڕەکەت، لەسەر کێلی قەبرت بنوسین: شەهیدی عیشقی نابەکام، پاڵەوانی داستانی عیشقی (خالد و کاترینا)...

بۆیە من پیرۆزبایی ئەم هەنگاوەت لێ دەکەم و هاوڕاتم..
جا ئەگەر ڕای منت دەوێ، وەڵا خۆت بکوژە...

جەماعەت ئەبڵەق ببوون، نەیاندەزانی چ بڵێن، هەندێک پێما هەڵشاخان، وتیان کاکە تۆ تەواوی ؟!

ئێمە بۆ چیمان بانگ کردوی و تۆ چ دەڵێی.

منیش هەر سوور بووم لە سەر ڕای خۆم و دەمگووت کاکە. ئێوەچی لە موعاناتی عیشق دەزانن ؟!

لە گەرمەی بگرەو بەردەدا بووین، هاوڕێ خالد تەقیەوە بە ڕومدا، گوتی:

+ هەر لە داخی تۆ خۆم ناکوژم!

جا تۆ وا لەو موعاناتە باش دەزانی، بۆ خۆتت نەکوشتووە ؟! وەزعەکە گۆڕا...

بوو بەتریقەی پێکەنین، گوتیان ئەوە تۆ چیتکرد، خۆ ئێمە دوو ڕۆژە لە گەڵی خەریکین و لە کەلی شەیتان نایەتە خوارەوە ...هەهەهەهەهە گـوتم: کاکە، ئەمانە داوای دڵنەوایی و نەوازش دەکەن، ئەگینا کەسێک کە دەیهەوێ خۆی لە ناو ببات، نایەوێ ئاوا شەنی تێ هەڵبدات...

تێبینی/ هاوڕێ خالد ئێستش ماوە لە ئامریکای باشورە یادی بەخێر...

# هۆنیا و هێژا خوشك و برایەكی كوردی باشورلە هۆڵەنداوە بانگێشتی هەڵبژاردەی مەلەوانی عێراق كران

**دیدار:ستادیۆم**



هۆنیا و هێژا دوو وەرزشكاری لاوی لێهاتووی باشوری كوردستانن و لە هۆڵەندا بوونی خۆیان سەلماندووە، هۆنیا چەند جارێك بە ناوی هەڵبژاردەی عێراقەوە بەشداریی چەند پاڵەوانێتییەكی گرنگی كردووە.

ئەم خوشك و برایە لەهۆڵەندا لەدایكبوون، لە بنەماڵەیەكی ناسراوی شاری سلێمانین، باوكیشیان قارەمانی برایمی حەمە خورشە، جگە لەوەی هونەرمەندێكە لە بواری سینەما و نواندن كاری كردووە هەروەك ئەوان وەرزشكارێكی دیارو بەرچاوی سلێمانی بووە و كۆتایی ساڵانی حەفتاكان و ساڵانی هەشتاكانیش یاریزانێكی دیاری باسكەی سلێمانی بووە.

## هۆنیا ئەستێرەی مەلەوانگەكان

هۆنیا قارەمان ساڵی 2001 لەهۆڵەندا لەدایكبووە، هەرلەمنداڵییەوە ئارەزوی مۆسیقاو وەرزش لەناخیدا سەری هەڵداوە، دواتر وەرزش سەرتاپای جەستەی داگیر كردووە، لەوەرزشیشدا یاریی مەلەی هەڵبژاردووە، بەتایبەتیش سنگە مەلە بۆ ماوەكانی 50 و 100 و 200 مەتر، وەك باوكی بۆ ستادیۆم باسیكرد، لەتەمەنی شەش ساڵییەوە ئەو جۆرە مەلانە دەكات، سەرەتا وەك ئارەزوو ئەم وەرزشەی كردووە، بەڵام دواتر هەنگاو لەدوای هەنگاو پاش ئەوەی بەهرەكانی دەردەكەون، لەتەمەنی 8 ساڵیدا بەشداریی پێشبركێیەكانی كردووە و پاش ماندوو بونێكی زۆرو مەشق و راهێنانێكی چڕو پڕ بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ، بڕوانامەكانی (ئا، بەی، سەی) مەلەوانیم وەرگرت، پاش ئەوە بووم بە كچە یاریزانێكی باوەڕپێكراو و ڕێگەپێدراو و توانای بەشداریيكردنی پاڵەوانێتییەكانم هەبوو. سەبارەت بەوەش سەرەتا لەكوێوە دەستی بەوەرزشی ئیحتیرافی كرد، گوتی: ساڵی 2009 لە یانەی (ئاكوا نۆڤیۆ) لە شاری(نایمیخن-هۆڵەندا) دەستم بەیاریی مەلە كرد. سەبارەت بەو پاڵەوانێتییە گرنگانەش كەبەشداریی تیادا كردوون گوتی: هەر ئەو ساڵە بەشداریی پاڵەوانێتییەكی ناوخۆیی هۆڵەندام كرد، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئاستم بەرەو باشتر دەچوو، دواتر بەشداریی یەكەم پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتیم كرد، كە مەلەوانانی ئەڵمانیاو بەلجیكا لەگەڵ هۆڵەندا تیایدا بەشدار بوون، ئیتر لێرەوە من خۆم وەك كچە مەلەوانێكی كوردی هۆڵەندی لەئاستێكی دڵخۆشكەردا بینییەوە.

* پاڵەوانێتی تونس یەكێكی تر بووە لەو پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییە گرنگانەی بەشدارییم تێدا كرد ڕۆژانی 12 تا 15-07-2018 ئەنجامدرا.

لەم پاڵەوانێتییەدا لەبەر چەند هۆكارێك ئەنجامەكان بەدڵی خۆم نەبوون، چونكە لە 50 مەتر سنگە مەلە شەشەم و لە 100 مەتر سنگە مەلە شەشەم و لە 200 مەتر سنگە مەلەدا پێنجەم بووم.

سەبارەت بە ڕاهێنەرەكەشی گوتی من زۆر خۆم بە قەرزاری تیم فورەر- ی ڕاهێنەرم دەزانم، ئەو زۆر لەگەڵمدا ماندوو دەبێت، تەنانەت لە پاڵەوانێتیی بودابست ئەو بەتایبەتی لەگەڵمدا هات تا ڕێنماییم بكات.

هەروەها گوتی بەردەوام بووم لە مەشق و راهێنانی چڕو پڕ، پاش بڕینی قۆناغەكانی تەمەن، لە ئاستی تەمەنی 14 تا 15 ساڵ توانیم پلەی سێیەمی هۆڵەندا بگرم و ئیتر بەشدارییكردنم لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەكان بوون بە ئەمری واقیع.

لەوەڵامی ئەوەشدا چۆن بۆ هەڵبژاردەی عێراق دیاریكرا؟ گوتی: باوكم لەڕێگەی ئیمەیلەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە یەكێتیی مەلەوانی عیراقەوە كرد، ئەوانیش سەرەتا داوای زانیاری تەواویان لەسەر خۆم ئەنجام و ریكۆردەكانم كرد، باوكیشم هەموویانی بۆ ڕەوانەكردن، پاشان لەڕێگەی سەرمەد عەبدولئیلا سەرۆكی یەكێتیی مەلەوانی عێراق و محەمەد عەبدولئیلا ڕاهێنەری هەڵبژاردەی مەلەوانی عیراقەوە وەڵامیان داینەوە، كە ئاست و ژمارەكانی هۆنیا زۆر باش و دڵخۆشكەرن و ڕاستەوخۆ و بێ هیچ كێشەیەك بۆ هەڵبژاردەی عێراق دیاریی كرام.

## ئاستی نێودەوڵەتی

هۆنیا لەوەڵامی پرسیارێكی دیكەدا گوتی: تائێستا بەشداریی چەند پاڵەوانێتییەكی گرنگم كردووە، ئەو سێ پاڵەوانێتییەی زۆر شانازییان پێوەدەكەم بریتین لە:

*مۆندیالی مەلەی بۆدابست لە هەنگاریا، لەم بۆنە گرنگە جیهانییەدا، لە سنگە مەلەی 50 مەتر و 100 مەتر و 200 مەتر بەشدارییم كرد، ئەنجامەكانیشم لەگەڵ تەمەن و ئەزموونی خۆم و بەبەراورد بەپاڵەوانێتییەكی ئاوەها گرنگ، كە سەرجەم ئەستێرە ناودارە جیهانییەكانی مەلەی تێدا بەشدار بوون، زۆر باش و دڵخۆشكەر بوون. یەكەم مەدالیای زێڕ بۆ عێراق بباتەوە.

# مرواربییەکەی عێراق خوێنەکەی نایمێخنە

لەم پاڵەوانێتییەدا لەبەر چەند هۆکارێک ئەنجامەکان بەدڵی خۆم نەبوون، چونکە لە 50 مەتر سنگە مەلە شەشەم و لە 100 مەتر سنگە مەلە شەشەم و لە 200 مەتر سنگە مەلەدا پێنجەم بووم.

سەبارەت بە ڕاهێنەرەکەشی گوتی من زۆر خۆم بە قەرزاری تیم فورەر-ی ڕاهێنەرم دەزانم، ئەو زۆر لەگەڵمدا ماندوو دەبێت، تەنانەت لە پاڵەوانێتیی بودابست ئەو بەتایبەتی لەگەڵمدا هات تا ڕێنماییم بکات.

## مراوارییەکی عیراق



24 NIJMEGEN & OMGEVING zaterdag 5 augustus 2017

zaterdag 5 augustus 2017 NIJMEGEN & OMGEVING 25

ZWEMMEN WK-DEBUUT HONIA IBRAHIM

Parel van Irak is volbloed Nijmeegse

Guus Daamen
Nijmegen

Honia Ibrahim heeft geschiedenis geschreven. De 15-jarige zwemster uit Nijmegen is de eerste vrouw ooit voor Irak op de WK zwemmen.

Met haar Nederlandse resultaten heeft ze alle zwemrecords van Irak in handen
-Qaraman Ibrahim, vader Honia

Coach Furer leert in Boedapest

▲ Honia Ibrahim, bijgestaan door haar coach Tim Furer.

ئەوەی سەرنج ڕەداکێشێ ئەوەیە پاش بەشدارییکردنی هۆنیا لە مۆندیالی مەلەی بودابست و ئاستە باشەکەی هۆنیا لەو بۆنە گرنگە جیهانییەدا، ڕۆژنامەیەکی هۆڵەندی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هۆنیا کردووەو مانشێتی ڕۆژنامەکە بەمجۆرە بووە(مرواریییەکەی عێراق خوێنەکەی نایمخن)ە، نایمخنیش ئەو شارەی هۆڵەندایە، کە هۆنیای لێیەو ڕۆژنامەکەش هەرلەو شارە دەردەچێت و ناوی (خڵدرلاند)ە.

## هێژا قارەمان ئیبراهیم



دووەم منداڵی کاک قارەمان هێژای کوڕیەتی، ئەم ساڵی 2004 لەدایکبووە، ئەمیش ئارەزووی مۆسیقاو وەرزشە. لەوەرزشیشدا ئەمیش مەلەوانی و تۆپی پێ دەکات، لەهەردووکیشیاندا سەرکەوتوو بەتوانایە، بەڵام دواجار دەبێت خۆی لە یەکێکیاندا بدۆزێتەوە. هێژا لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا گوتی: من ئێستا لەیاریی تۆپی پێدا بۆ یانەی (تریک فوخلس) لە شاری(نایمیخن) یاریی دەکەم، یانەکەمان لە ئاستی پلە سێی هۆڵەندایە، ئەمساڵیش هەرلە پلە سێدا ماوەتەوە و وەرزی نوێ بەشداریی خولی هۆڵەندا دەکەین. سەبارەت بەمەلەش لە یانەی (ئەکوانۆڤیۆ - نایمیخن) یاریی دەکەم، کە یانەیەکی پلە یەکی ئەو وڵاتە، ئەنجامەکانی ئەم یارییە، لەسەر ئاستی شاری نامیخن و بۆ تەمەنی 13 تا 14 ساڵ، یەکەمی هەرێمی خندرلاند بووم، لەبەلجیکاش بەشداریی پاڵەوانێتییەکم کردووە، لە دۆرتمۆندی ئەڵمانیاش بەهەمان شێوە بەشداریی پاڵەوانێتییەکی ترم کردووە، دوای ئەم پاڵەوانێتییە دەستم شکاوە و ئێستا لەیارییکردن و مەشق کردن دابڕاوم، بڕیار وایە ڕۆژی 06-08-2018 بگەڕێمەوە ناو یاریگاکان و دەست بە مەشق و ڕاهێنان بکەمەوە.

# چۆن تورکەکان کورد لە زێدی خۆیانەوە ڕادەگوێزن..؟



nicht so bekannt wie die der Armenier, Aramäer und anderer christlicher Völker. Dennoch gab es massive Umsiedlungen von Kurden um die Menschen von ihrer Heimat zu entwurzeln und die türkische Vormachtstellung in Kurdistan zu stärken. Auch wenn es, zu der Zeit noch, verboten war den Kurden körperliches Leid anzutun - da sie in der großen Mehrheit Muslime waren - waren diese Deportationen auf keinen Fall ungefährlich. Die Umsiedlungen geschahen im Winter und auf dem langen Weg sind viele Menschen bei Schneefall und Regen in der Kälte ums Leben gekommen. Dieses Foto hier ist nur der Beweis für eine von so vielen gewaltsamen Deportationen der Kurden. Das selbe haben bereits die Araber in Kirkuk, Mossul und Aleppo gemacht, die Perser haben es mit den Kurden gemacht die heute in Chorasan leben und die Türken machen es bis heute überall im Südosten der Türkei bzw. im Norden Kurdistans.

لە ئەرشیڤی دۆیچە بانک-ەوە...

نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەڵمان ئێنۆ لێنتسی ئەم وێنەیەی بڵاو کردووەتەوە و ئەم کورتە دەقەی بۆی نووسیوە:

"لە ئەرشیڤی دۆیچە بانک- ەوە: چۆن تورکەکان کورد لە زێدی خۆیانەوە ڕادەگوێزن بۆ هەرێمەکانی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی عوسمانی. وێنەکە ساڵی ١٩١٦ چرکێندراوە. بە پێچەوانەی ڕاگواستنی ئەرمەنی و ئارامی و گەلە کرستیانەکانی ترەوە، ڕاگواستنی کوردەکان لێرە لە ڕۆژئاوا بابەتێکی ناسراو نییە. ئەمە بە مەرجێک کە ڕاگواستنێکی چڕ و پڕی کوردەکان ئەنجام درا بۆ ئەوەی ڕیشەی مرۆگەل لە زێدی خۆیان هەڵبکێشرێت و سەردەستیی تورک لە کوردستان بەهێز بکرێت. ئەگەرچی تا ئەو کاتە قەدەغە بوو ئازاری جەستەیی بە کورد بگەیەندرێت، چونکە بە زۆری مسوڵمان بوون، بەڵام ئەو ڕاگواستنانە بێ مەترسی نەبوون. ڕاگواستنەکان لە وەرزی زستاندا ئەنجام دەدران و خەڵک ڕێگەی دووریان دەبڕی، بۆیە کەسانێکی زۆر بە هۆی بەفر و باران و سەرماوە دەمردن. ئەم وێنەیە تەنیا بەڵگەیەکە بۆ زنجیرە ڕاگواستنی سەختی کوردەکان. عەرەبەکانیش هەمان شتیان لە کەرکوک و موسڵ و حەڵەب ئەنجام داوە، فارسەکانیش لەگەڵ ئەو کوردانە کردووە کە ئێستا لە خۆراسان دەژین و تورکەکانیش تا ئەمڕۆ لە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیا یان باکوری کوردستان لەو کارەیان بەردەوامن".

لە پەیجی ئەلکترۆنی کاک (بەکر شوانی) یەوە وەرگیراوە.

# گۆرانییەك بۆ باوك

## گۆرانی و تێكستی ستێف بۆس(Stef Bos)

ستیفان یان ستیف بۆس لە ڕۆژی 12 تەموزی ساڵی 1961 لە شارۆچكەی (فیێندال)ی شانشینی هۆڵەندا لەدایك بووە، گۆرانبێژێكی هۆڵەندیە، ئێستا لە شاری (كیب تاون)ی باشوری ئەفریقیا دەژی. بەزمانی هۆڵەندی و هەندێ جاریش بە زمانی ئافریكای گۆرانیەكانی دەچرێت، ئەو لە كارەكانیدا لە بەلجیكا و هۆڵەندا و باشوری ئەفریقیا گەلێك سەركەوتوو بووە و لەو كاتەی لە ساڵی 1990ەوە، كە فیلمی (باوك) (Daddy) دەرهێنا، ناوبانگێكی باشی پەیدا كرد.



لە ساڵی 1989 بە گۆرانی (بەهۆی باوە)، بەشداری پێشبڕكێی گۆرانی ئەوروپایی لە بەلجیكا كرد، ساڵی 1993 ئەلبومی (پێكەوە وەك یەك (Together as One)ی لەگەڵ هەردوو گۆرانیبێژی ناسراوی باشوری ئەفریقیا جۆهانس كەیركورەڵ Johannes Kerkorrel و تاندی كلاسن Tandie Klaasen تۆماركرد، ئیتر لەو كاتەوە ستێف شەیدای زمانی ئافریكایی و میوزیكەكەی بووە، دەتوانین بەهۆی ئەلبومەكانی دیكەی ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشە هۆڵەندییەوە، زیاتر ئاشنای بین و بیناسین، كە توانیویتی گیانێكی هاوبەشی مرۆڤانە بە هۆی دەنگ و وشە و مویزیكەكەیەوە، تێكەڵاوی ناخی مرۆڤایەتی بكاتەوە.

مۆسیقای ئافریكایی كاریگەریەكی زۆری لەسەر ستیفان داناوە، بە تایبەتی لە دوا ئەلبومیدا (ژێر ناخی لافاو)، ئەم كاریگەرییە بە ئاشكرا هەست پێدەكرێت.

گۆرانی بابەی ئەم هونەرمەندە گۆرانیەكی زۆر كاریگەرە، بە هۆنراوەیەكی بەهێز بۆ باوكی پەیوەندی خۆیی و باوكی دەگێڕێتەوە، بە جۆرێك بە گشتی پەیوەندی هەموو باوك و نەوەكان لە كۆنەوە بە هەمان شێوە بووە، گۆرانی بێژێكی دیكە، ئەم دەق و ئاوازەیان دووبارەكردۆتەوە، وەك خاتوونێك بە ناوی chantal janzen هەندێك لە وشەكانی گۆڕیووە و بە زمانی ژنەوە چڕیویتی؛

بۆ بیستنی هەردوو گۆڕانیەكە بڕواننە ئەم دوو لینكە:

https://www.youtube.com/watch?v=8wxVTIB6qE4

https://www.google.com/search?source=hp&ei=jDViW8fRIZHTkwWCkqXoCg&q=papa&oq=papa&gs_l=psy-ab.13..0l10.2620.4771.0.11430.4.4.0.0.0.0.47.101.4.4.0..2..0...1.1.64.psy-ab..0.4.99...0i131k1.0.cEU-Ub0LOEo



**Stef Bos**

وەەگێڕانی دەق لە هۆڵەندییەوە بۆ كوردی: ب

گۆرانی بابە

هەمان چاوەكانی تۆم هەیە

نەخشی تۆ لەسەر لێوم وەردەگرم

جاران زوو هەڵەدەچووی، جاران زوو هەڵەدەچووم..!

بەڵام ئارامیمان دۆزیەوە

ئیستە لەپاڵ یەكادا دانیشتوی..

زۆرناڵێین ..بەڵام بە هەموو شتێیك،

كە تۆ دەیكەیت هەمان عادەتم گرتووە

بابە

هەتا بێت زیاتر لە تۆ دەچم

هەمان دەستەكانی تۆم هەیە و

چرچەكانت دێنە پێستمەوە..!

تۆ بیری خۆت و هەیە و من بیری خۆمم هەیە

بە خەیاڵ دوور دەڕۆین..!

بەڵام هەمیشە بەرەو ماڵ دەگەڕێینەوە

ئەو ڕاستیەی بە دوایدا گەڕایت و هەرگیز نەتدۆزیەوە..!

منیش هەموو ژیانم بێهودە بۆی دەگەڕێم

چونكە بابە هەتا بێت زیاتر لە تۆ دەچم

جاران دەتتوانی بەزەبر بی..!

ئای خوایە هەندێ جار چەندم قین لێت بوو

كەچی ئێستە وشەكانی تۆم لەسەر لێوە،

هەر وەك جارانی تۆ قسە دەكەم

من باوەڕێكی بێ خوام هەڵبژارد و

شەیدای هەموو ژنێك دەبم..

لەوانەیە شتێكم بوویت،

كە هەرگیزنەتوانم پێی بگەم

بەڵام بااااابە هەتا بێت زیاتر لە تۆ دەچم

تۆ بڕوات بە خودایە

كەواتە دەچی بۆ ئاسمان

من بێباوەڕم

كەواتە هەرگیز دوای مردن بەیەكناگەینەوە

بەڵام بابە هەتا بێت زیاترم خۆش دەویێی...!

# ٣ی ئاب، جینۆسایدی ئێزیدییەکان، هەرگیز لە یادتان ناکەین

4 years ago today,
the Ezidi genocide! We will never forget



Poem by: Dilawar Karadaghi
Translated by: Choman Hardi

If you give us our girls back
we will marry them off to doves.
This time we will hide them
within the pages of a poetry book.
We will leave them to dry by the hearth.
We will take them with us
wherever we go.
We will return to them their dolls,
their black and white games.
We will not smash their mirrors.
We will not break their necklaces.
We will frame them in dew!



دەڕۆی
بەڵام نیوەناچڵ دەگەی
شتە گرنگەکان:
هەوا و هەناسە و بۆنی دڵ
لە ڕێگە... وەک منداڵ وڕک دەگرن،
پێ بە ئەرزدا دەکێشن و
هەر یەکەو بە بیانوویەک خۆیانت لێ دەشارنەوە و
خۆیانت لێ ڕادەپسکێنن و پەلەپەل دێنەوە...
دەڕۆی،
بەڵام بۆ هەر کوێیەک بڕۆی،
نیوەناچڵ دەگەی
چونکە هەر پێڵوو لێک بنێم،
تۆ تەواو لێرە .. لای منی!

---

تابلۆ: نورەدین ئەمین

## ئەگەر کچەکانمان بدەنەوە



### شیعری دلاوەر قەرەداخی

ئەگەر کچەکانمان بدەنەوە
ئەمجارە بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە،
بە زەخرەفە و نەخش و نیگار ئەیانچنین
نەبا بدزرێن،
وەک عەترێکی دڵتەنگ لە خۆمانیان
ئەدەین
تا بە چاوەوە نەبن،
لەگەڵ شەوە و شیلاندا ئەیانهۆنینەوە
تا بە کەس نەدۆزرێنەوە،
دەرگەی سەدەفیان لێ دائەخەین
لە نێو تەلان و لە بن تویژاڵی گوڵەباخی
فەرشەکاندا
ئەیانشارینەوە
نەبا بڕفێنرێن
لە ناو خەونی حاجیلە،
لەژێر سەرینی پەپوولە،
لەناو باوڵ و لەودیو تابلۆکانەوە
هەڵیان ئەگرین!

ئەگەر کچەکانمان بدەنەوە
ئەمجارە بە کۆترەکانیان ئەدەین بە مێرد
ئەمجارە لە نێوان لاپەڕەی کتێبەکانی
شیعردا
ئەیانشارینەوە
تا وشک ئەبنەوە
لەبەر ئاگردانەکاندا دایان ئەنێین
بۆ هەر شوێنێک بچین
لەگەڵ خۆمانیان ئەبەین
بووکەشووشە و یارییە ڕەشوسپییەکانی
جارانیان
ئەدەینەوە
ئاوێنەکانیان ناشکێنین
ملوانکەکانیان ناپچڕێنین
لە ئاونگیان ئەگرین!
لە واڵی کاک دلاوەر قەرەداخی وەرگیراوە

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### هونەرمەند ڕزگار ئەمین

ڕزگار ئەمین هونەرمەندێکی کوردی باشورە لە ساڵی 1968 لە سلێمانی دایک بووە، لە ساڵی 1994 ەوە گەیشتۆتە هۆڵەندا و ئێستا لەگەڵ هاوسەر و سێ جگەرگۆشەکەی لەشاری ئارنێم دەژی و لە شارۆچکەی دوسبورخ کاردەکات.

تابلۆکانی ڕزگار پێک هاتوون لە دیمەنی سروشت، کۆمەڵێک کاری هونەری دەگمەن و دانسقەی ئەوتۆی بە بۆیەی زەیتی و ئاوی کێشاون، بینەر پەلکێشی ڕۆمانسیەت دەکات. ڕزگار لە ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی زانکۆی ئوترێخت، بەشی هونەری پەیکەرسازی، هونەری بیناو و نەخشەسازی خوێندویەتی و لە تابلۆکێشاندا پسپۆری وەگرتووە.

سەرەڕای تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە کوردە، کۆمەڵێکی زۆر تابلۆ و کاری نەختینە و ئەنتیکی هونەرمەندانی 100 ساڵ لەمەوبەری هۆڵەندی نوسخەی ئۆریجناڵی دەست کەوتووە، لەڕاستیدا شایانی ئەوەیە ئاوڕێکی جدی لێ بدرێتەوە و بناسێنرێت بە هونەرمەندانی کورد لە وڵات و دەزگا پەیوەندیدارەکان، یان ئەرشیفی مۆزەخانەی نەتەوەیی کوردستان دروست بکرێت و لەوێ تێیدا بپارێزرێت.





یەکێک لەبازاڕەکانی سلێمانی ـــ سەعید تاکۆیی ـــ



خانووی جوتیارێک لە هۆڵەندا
boerderij
aquarel 25 x 30 cm

تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە،
بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاوئەبێتەوە

TARAWGA
E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam
Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807